گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپـەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة ڕابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/8qh5pc20
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 11/07/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 09/09/2025
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 20/06/2026

# زەبروزەنگ لە نێوان وێنەی ئەندێشەکراو و بەرجەستەکراودا: هێزی تەکنیکی سینەمایی لە بەرهەمهێنانی وێنەی توندوتیژیدا

دڵشاد مستەفا
dilshad.razawa@univsul.edu.iq
بەشی سینەما، کۆلێژی هونەر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

زەبروزەنگ بۆتە سیمای ڕۆژگاری ئەمڕۆ، یان بۆتە بەشێک لەو وێنەیەی ڕۆژانە دەبێت بیبینین. ئەم زەبروزەنگە لەچەندین فۆرمی جیاوازدا بەرجەستە دەبێت و دەگاتە نێو پانتایی گشتی. میدیا و سۆشیال میدیا، فیلم و گێڕانەوەکانمان پڕبون لەو وێنانەی ئەم خەسڵەتە لەنێویاندایە. ئەم دیاردەیە دەشێت وەک هێزێکی کاریگەرژیانمان بخاتە بەردەم مەترسی گەورەتر گەر مامەڵەیەکی دروستی زانستی لەگەڵ نەکرێت. بەتایبەتی کاتێک وێنەکانی زەبروزەنگ بەتەواوی بەرجەستە دەبن. ئەمەش لە سەردەمێکدا کە وێنە پانتاییەکی گەورەی داگیرکردوە و بۆتە بەشێکی گرنگی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان. زۆرینەی پلاتفۆرمەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی هێدی هێدی خۆیان لە وشە دەدزنەوە و بەرەو وێنە هەنگاودەنێن، وەک نێوەندێکی بەهێزی گوزارشت کە کاریگەرییەکانی ئاشکرا تر و خێراتر و بەهێزترە.

بەئاسان هەستپێکراوە کە لەماوەی ڕابردودا گروپە توندڕەوەکان پەنایان بۆ وێنەکانی توندوتیژی بردوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەرونی خەڵک و دروستکردنی فشارێکی دەرونی. مامەڵەکردن لەگەڵ هێزی وێنەی بەرجەستەکراو لە دروستکردنی کاریگەریدا پێویستی بە پشتیوانییەکی تیۆری بەهێزە کە دەتوانێت لە گۆشەنیگای جیاوازەوە ئەو فشارە لێکبداتەوە کە زەبری وێنەیەکی بەرجەستەکراو لەسەر دەرونی کەسەکان دروستی دەکات و دەتوانێت بیانخاتە ژێر کاریگەری فرمانەکانی خۆیەوە.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ کارکردن لەسەر هێزی وێنەی توندوتیژی و کاریگەرییەکانی لەسەر دەرونی وەرگر و ئەو فاکتەرانەی لەپشت بەرهەمهێنانی ئەو وێنانەوەن. پاشان هەوڵی بەراوردکردنی بەوێنەی زەینی کە گێڕانەوەی زاری یان نوسراو دور لەبەرجەستەکردن و کاریگەرییەکانی دەدات و هێزی کاریگەری ئەو کردەیەش لێکدەداتەوە. پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیە لە چواردەوری ئەو گریمانانە دەسوڕێنەوە کە وێنەی گێڕانەوە لە کایە جیاوازەکانی ئەدەب، یان میکانیزمەکانی گێڕانەوەی زارییەوە، دەگۆڕرێت بۆ وێنەی بەرجەستەکراو و ئامادەکراو لەڕێی تەکنیکی بڵندی سینەماوە و بەشوێن ئەو جیاوازیانەدا دەگەڕێت کە هەردو وێنەکە لە پێکهاتە و کاریگەرییدا لەسەر وەرگر پیادەی دەکەن. دواجار دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە هێزی تەکنیکی سینەما دەتوانێت کاریگەرییەکی بەهێزتر لەسەر دەرونی وەرگر بەجێبهێڵێت، چونکە هیچ

بوارێک بۆ ئەندێشەکردنی ئەو وێنەیە بۆ خودی وەرگر ناهێڵێتەوە، وێنە بەربەستەکراوەکە بەزەبری خۆیەوە ئامادەیە و کاریگەری خۆی دەسەپێنێت.

کلیلە وشە: زەبروزەنگ، وێنەی بەرجەستەکراو، وێنەی زەینی، تەکنیکی سینەمایی

## Violence between the imagined image and the embodied image: the power of cinematic technique in producing images of violence

**Dilshad Mustafa**
Department of Cinema, College of Arts, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

Recent studies have indicated that a large part of the life of human societies in general and Eastern societies in particular is dominated by violence, and one can say that it has become a feature of the daily scene or part of the picture that we must see every day. This violence takes different forms and reaches public spaces in several ways. We see that media, social media, movies, and stories are full of various kinds. This phenomenon can be an influential force that puts our lives in even greater danger if it is not dealt with in a correct scientific framework. In particular, images of trauma were fully embodied. This occurred when image occupied a lot of space and became an important part of people's everyday lives. Most social media platforms are gradually moving away from words and moving towards images as a powerful means of expression, the effects of which are clearer, faster, and stronger.

It is clear that extremist groups have resorted to producing images of violence and tyranny to deal with people's minds and create psychological and emotional pressure. Dealing with the power of embodied images in the formation of impressions requires strong theoretical support that can explain the pressure exerted by the momentum of the embodied image on people's minds from different angles, and monitor how they obey their commands in the spirit of creating another kind of supposed reality that these groups want to impose as embodied reality.

This study examines the power of violent images, their effects on the recipient’s soul, and the factors underlying the production of these images, and attempts to compare them with the imagined images that are formed through oral or written narration away from the embodiment and its effects. It also explains the strength and dominance of the embodiment in front of the imaginary. The questions in this study revolve around the assumption that narrative images in various literary fields, or oral narrative mechanisms,

are transformed into represented images, processed through advanced cinematographic techniques, and try to explore the differences in the forced installation and the impact on the recipient.

**Key Words:** Violence, materialized images, imaginary images, cinematic techniques

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی

### 1-کێشەی توێژینەوەکە:

ساڵانێکی زۆرەزەبروزەنگ و توندوتیژی خۆیان و وێنەکانیان دنیای ئێمەیان داگیرکردوە، بەڵام بەپێی پێویست توێژینەوەی زانستی کاری لە پانتایی جیاوازی و کاریگەرییەکانی ئەو وێنە بەرجەستانەدا نەکردوە کە گروپە توندڕەوەکان بەهۆیەوە جۆرێک لە ترس و تۆقینیان دەخستە نێو هەناوی خەڵکەوە و کاریگەری نەرێنی بەهێزیان لەسەر دروست دەکردن. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات کار لەسەر دۆزینەوەی ڕەگەزەکانی ئەو وێنە بەرجەستەکراوانە بکات و ئەفسونی ئەو پلانە بخاتە بەردەم پرسیار و شیکردنەوەی زانستی. هاوکات پرسیاری گرنگ دەربارەی هێزی تەکنیکی سینەمایی لە دۆخی وێنەی بەرجەستەکراودا بوروژێنێت. ئەم شێوازە لە توێژینەوەی زانستی لەنێوندە هونەری و ئەکادیمییەکانی ئێمەدا بەزۆری دەگمەنن یان بەژمارە کەمن، کە پێدەچێت پەیوەندی بە کەمی پسپۆری لەو بوارەدا هەبێت. بۆیە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کایەیەدا پێویستییەکی هەنوکەییە و ئوکێکە لە ئەستۆی کایەی ئەکادیمی کوردیدا.

### 2- پرسیارەکانی توێژینەوەکە:

١- ئایا وێنەی زەبروزەنگ کاریگەرترە یان خودی زەبروزەنگ؟

٢- هێزی فشار وێنەی بەرجەستە کراو چ جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ هێزی فشاری وێنەیەکی ئەندێشەکراو لەزەینی خودی وەرگردا؟

٣- پەنابردن بۆ تەکنیکی سینەمایی لە بەرهەمهێنانی وێنەدا چ جۆرە کاریگەرییەک دروست دەکات؟

### 3-ژینگەی توێژینەوەکە:

ڕوداوەکانی سەردەمی هێرشەکانی گروپی داعش بۆ سەر ناوچە جیاوازەکانی عێراق و سوریا لە نێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠١٧)، ئەم گروپە دواتر.

### 4- ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە دەکرێت بەم شێوەیە ڕێکبخرێن:

- خستنە ڕوی هێزی وێنەی بەرجەستەکراوە لە دروستکردنی فشاری دەرونی لەسەر وەرگر و کاری ئەو جۆرە لە ئەفسون کە وەرگر دەخاتە بەردەم بڕیار لەدەرەوەی ویست و ئیرادەی ڕاستەقینەی خۆی.
- شیکردنەوەی ورککردنی هێزە توندڕەوەکان بەو توانایە و بەکاربردنی.
- دەستنیشانکردنی توانای بەکاربردنی تەکنیکی وێناکردنی سینەمایی لە گەیاندنی پەیام و گوتاری توندوتیژیدا.

### 5- نمونەی توێژنیەوەکە:

ڤیدیۆی سوتاندنی فڕۆکەوانە ئوردونییەکە (معاذ الكساسبة) بەزیندویی لەمانگی کانونی دوەمی2015 بە دەستی داعش.

## بەشی دوەم: پاشخانی تیۆری:

### ١-زەبروزەنگ: مێژو و شیکارییەکانی

ئەو کاتەی هوبز دێت لە شیکاری پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەنێو کۆمەڵگا جیاوازەکاندا ئەو وتەزا بەنێوبانگەی دەکاتە سەرمەشقی بەخشینی شوناسێک بەکۆمەڵگاکەو دەڵێت (مرۆڤ گورگە بۆ مرۆڤ)(Hobbes, 1998:3 ) دەرفەتی بنکۆڵکردنی پانتایی توندوتیژی لە ژیانی ئەمرۆدا لەبەردەمماندا دەکاتەوە و، ساناتر دەتوانین ئەو دۆخە ڕاڤەبکەین کە کۆمەڵی مرۆڤایەتی بەگشتی پێدا تێپەڕدەبێت. دۆخێک نیگەرانییەکی قورس باڵی بەسەردا کێشاوە و ترس و تۆقاندن و زەبری جەستەیی و دەرونی دیارترین نیشان و ئامڕازەکانین. دنیای ئەمرۆ کە ئەگەر لە دیدی جان بۆدریارەوە تەماشای بکەین دنیایەکە کە سەرجەم گوتارەکان ئامڕە بە دەرمانی دەکەن، چونکە خودی خۆی بە هەمو هێز و توانایەوە بەرهەمهێنەری جۆرێکە لە توندتیژی لەهەناوی کەسەکاندا بەبێ ئەوەی بەتەواوی وەک بەو بونە بکەن. ئەوەی ڕودەدات هەڵگەڕانەوەی ئەفسونە بەسەر خودی بەرهەمهێنەرەکەیدا. بۆدریارد وایدەبینێت کە سەرمایەداری لەو ڕۆژگارەدا سەرقاڵی وێرانکردنی خۆیەتی، چونکە لە هەناوی خۆیدا گۆڕمەیەک لەڕق و توندوتیژی هەڵگرتوە و لەهەناوی کەسەکاندا بەبێ ویستی خۆیان دەیچێنێت، چونکە (هەر کاتێک بارودۆخ بەم شێوەیە مۆنۆپۆلی هێزێکی جیهانی بو، کاتێک بەرەوڕوی چڕی سەرسامکەری ئەو هەمو ئەرکە دەبینەوە لەلایەن میکانیزمگەرایی تەکنەلۆجیا و تاک بیرکردنەوەوە، هیچ ڕێگەیەکی تر نامێنێتەوە جگەلە گۆڕان بۆ دۆخی تیرۆر)(بۆدریار، ٢٠١٠:١٤).

بەو پێیە لەم ڕۆژگارە ئاڵۆز و پڕ لە کێشەیەدا هەر دۆخێک بۆ بەرەنگاربونەوەی سیستەمە سەرمایەدارییە زاڵەکەی جیهان دێتە کایەوە بیەوێت یان نا، دەخرێتە چوارچێوەی توندوتیژییەوە، چونکە خودی سیستەمەکە خۆی بەرهەمهێنەر و پشتیوانی یەکەمی توندوتیژییە. لە بنەڕەتدا جیهانێکی یەک ڕەنگ و یەک بڕوا جیهانێکە بیرکردنەوەی جیاواز لەنێو خۆیدا دەکوژێت و بواری سەرهەڵدانی نادات، بۆیە لە دۆخی هاتنەکایەی هەرجۆرێک لەبەرەنگاریدا بەرامبەر سیستەمێک کە تەواوی بونی لەدەستی خۆیدا هێشتۆتەوە و کۆنترۆڵی کردوە بەزەبری هێز، هیچ دەرفەتێک بۆ بەرامبەرەکەی ناهێڵێتەوە جگەلە یاریکردن لەهەمان پانتاییدا، بەڵام کەڕێساکانی یاریکەکە دەگۆڕێت و بونێکیتر لەدەرەوەی خودی سیستەم دێت و بەهەمان کەرەستە یاری دەکات. ئیدی ئەوەیان دەکەوێتە خانەی تیرۆرەوە با بەهەمان ڕێسا و کەرەستەش کاریکردبێت، چونکە ئەوەی ناو لە شتەکان دەنێت خودی سیستەم.

بەرەنگاربونەوەی سیستەمی لیبرالی جیهانی لە ڕۆژگاری باڵادەستی تاکجەمسەری دنیادا، هەڵبەت پاش نەمانی سیستەمی کۆمۆنیزمی سۆڤیەتی جاران و گۆڕانکارییەکانی دوای گلاسنۆست و بیرۆسترۆیکا لە خۆرهەڵاتی ئەوروپا، ئامانجێکە هیچ جۆرە هزراندنێک یان ئایدۆلۆجیایەکی تایبەت کۆنترۆڵی ناکات بە هێندی ئەوەی پەیدابونی هێزێکی دژو بە زەبروزەنگە لەبەرامبەر خودی زەبروزەنگی سیستەمەکە، ئیدی لەهەر کردەوە و ئاکتێکدا دەچێتە ژێر سێبەری ناوێکەوە. کورتکردنەوەی ئەو ململانێیە بۆ کێشەی ئیسلام و ئەمریکا، ئیسلام و خۆرئاوا، جگەلە بۆیاخکردنی بە سیمایەک زیاتر هیچیتر نییە. بەشێکی زۆر لەوزەبروزەنگەی لە دنیادا بەرهەمدێن پەیوەندییان نەک بە ئیسلامەوە نییە، بەڵکو لە بنەڕەتدا هیچ جۆرە ئایدۆلۆجیا یان باوەڕ و ئاینێک لە پشتیانەوە نییە. ئەوەی هەیە (تیرۆرە لە دژی تیرۆر، هیچ ئایدۆلۆجیایەک لە پشت ئەمەوە نییە، چونکە ئێمە لەئێستا بەدواوە کەوتوینەتە ئەودیو ئایدۆلۆجیا یان سیاسەتەوە، ئەو وزەیەی کە تیرۆر خۆراکی دەداتێ هیچ دۆزێک تەنانەت گەر ئیسلامیش بێت ناتوانێت ڕاڤەی بکات) (بۆدریار،٢٠١٠: ١٧). لەم دیدەی بۆردیارەوە بە سانایی ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە ئیدی تیرۆر، توندوتیژی و زەبروزەنگ لەنێو ئایدۆلۆجیا و بڕوایەکدا قەتیس نییە، بەهێندی ئەوەی پەرچەکرداری سیستەمێکە کە سیستەمی جیهانی خۆی بەرهەمهێنەرێتی.

لەڕۆژگارێکداین کە ئیدی هەندێک چەمک و مامەڵەی تەقلیدی لەگەڵ واقیعدا بەسەرچون تەنانەت ماناکانی جەنگیش گۆڕانکاریان بەسەردا هاتوە، چونکە (لە سەردەمی زانیارییەکاندا سەرکەوتن بەتەنها ئەوە نییە سوپای کام لا بردویەتییەوە، بەڵکو گوتاری کێ براوەیە ئامانجەکەیە) (نای لە کتێبی غریلدز&میتافوری، ٢٠١٥: ٢٤).کەواتە هەمو ئەو گوتارانەی لەو دۆخەدا بەرهەمدێن گەر ڕەنگدانەوەی واقیعێکی پڕ لە توندوتیژی بن، واقیعێک کە شوناسی تاکەکان لەسەر بنەمای توانستی ئەوزەبروزەنگە بیناتبنرێت، کە دەتوانن بیخولقێنن ئیدی چاوەڕوانییەکان دەچنە چ جۆرە پانتاییەکەوە؟ کێشەی ئەم دۆخە کێشەی بەرقەراربونی سیستەمێکە کە دەستی بەسەر هەمو بڕاف و خواست و بونێکدا گرتوە، بۆیە بەر لە ڕاڤەکردنی هەر ئاکتێک پێویستیمان بەڕاڤەکردنی خودی سیستەمەکە هەیە کە لەپشتەوەی هەر ڕوداوێک کاردەکات.

دنیای نوێ و لەسەردەمی گلۆبالیزەیشن یان پۆست گلۆبالیزەیشندا هەمو ئەو دنیا کۆنە نییە کە بەسانایی دابەشدەبو بۆ جەمسەرە دیارەکان، یان توخبە نلسراوەکان، بەڵکو دنیایەکی ئاڵۆزترە لەوەی پێشبینی دەکەین، ئەم ئاڵۆزیەش لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە سیستەمێک بەرقەرارە هەمو شتەکان کۆنترۆڵ دەکات، چونکە (سیستەم ئەو دیوەی دەسەڵاتە کە لەیەک جێگادا کۆناکرێتەوە، ئەو بەشەیەتی کە سەنترالیزە ناکرێت، واتە بونیادێکە بە کۆی پێکهاتی کۆمەڵایەتیدا ڕۆدەچێت، لە دۆگا و ئەنستیوتێکی تایبەتیدا بەرجەستە نابێت، بەڵام لە ناو هەمو دۆگاکاندا مۆراڵ و ڕێزبەندی و ڕێکخستن ئەنجامدەدات.)(عەلی،٢٠٢٠). کارکردنی ئەم هێزە لەسەر تاک و گروپەکان بەسانایی تێپەڕنابێت و لەگەڵ هەمو فشارەکاندا بەبەردەوام دەبێت چاوەڕوانی پەرچەکردارەن بیین. ئیدی فاکتەرەکانیتریش دێن و کاری خۆیان لەسەر بەرهەمهێنانی ئەو کاردانەوانە دەکەن کە لەبەرامبەر هەر فاکتێکدا، یان هەر بڕاوتێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بەرپادەبێت. سیستەم بەخۆی و هەمو فشارەکانیەوە لە دنیای ئێمەدا ئامادەیە و (ئەو هێزە گەورە و نادیارەیە کە شتگەلێک ئێمە هەمانە زادەی ئەوە، وەک حەقیقەت و بڕوا و پێوەر و نۆرمەکانمان. هێزێکە ناچاریکردوین شتێک هەڵبژێرین و شتێک بخەینە لاوە،ڕستەیەک بڵێین و ڕستەیەک لە بیربکەین، بەجۆرێک بیربکەینەوە و جۆرێکی دی فەرامۆشبکەین، ئەگەرێک وەربگرین و ئەگەرەکانی تر وەلاوەنێین) (عەلی، ٢٠٢٠). بەو پێیە کەمجار کەسانی خاوەن ئیرادە هەڵدەکەون و دەتوانن لەدەرەوەی ئەو کۆدەنگەییە بڕیار بدەن کە سیستەم بەرهەمیدەهێنێت و بەزەبری خۆی وایلێدەکات بەگشتی بڕوا بەوە بکەین کە ئەوە خودی کۆدەنگییە ڕاستەقینەکەیە.

لەو دۆخی بە سیستەم دەورەدراوەی مرۆڤی ئەمڕۆییدا، کۆمەڵی مرۆیی هاوچەرخ و کەلتوری بەجیهانیبون هەوڵی سەپاندنی هەندێک نۆرم و بەهای لەوەوبەر بەرهەمهاتو دەدەن، کە مرۆڤەکان دەخەنە چوارچێوەیەکی تەسکەوە، بۆیە مرۆڤی ئەو سەردەمە بۆ ئەوەی مانا بەژیانی ببەخشێت دەکەوێتە ناو ماشینەکەوە و لێرەوە ئەم بونەوەرە نامورادە (دەبێت زۆر بەدەستبهێنێت، لەسەر مۆدێلی باو بژی کە ئاوێتەبونی کۆمەڵایەتی دەیسەپێنێت، گەر سەرکەوتو بێت یان نا، زۆر بەخێرایی دەکەوێتە نێو نائومێدییەوە و ئەوە کەشف دەکات کە ئازادی لەدەستداوە بەبێ ئەوەی هیچ مانایەکی ڕاستەقینەی بەدیهێنابێت، بەوپێیەش ئەو مۆتڤەیشنە سۆزدارییەکانی لەدەستچوە؛ لێرەوە هەستێکی قوڵی بە قەهر و بێزاری تێدا دەخولقێت کە لەخواستێکی توند بەرەو توندوتیژی و وێرانکردندا تەجەللادەکات) (التقي، ٢٠٠٤).

کەواتە بەرپابونی ئەو قەهرە خۆی لە خۆیدا هۆکارێکی بەهێزی خولقاندنی توندوتیژییە کە لەهەناوی کەسەکاندا دروستدەبن. کێشەی مرۆڤی ئێستایی ئەو جۆرە لە پەنهانیەیە کە سیماکانی سەردەم لەنێویدا تۆختری دەکەنەوە. لە گفتوگۆی سانای خەڵکی ئاساییشدا دەربارەی مرۆڤی سەردەمی بەئاسانی هەست بەو خواستە نۆستالیجییە دەکەین بۆ گەڕانەوە بۆ ڕابردو، بۆ سەردەمی سادەیی. ئەم بونەوەرە سەیرەی ناوی مرۆڤە هێند ئاڵۆزی لەدەوری خۆی دروستکردوە کە بۆ تێگەیشتن لێی پێویستیمان بە چەند میکانیزمێکی جیاواز هەیە، دەبێت لەچەند کایەی ترەوە لێیبڕوانین، چونکە

(ئەم مرۆڤە لە بێشومار ئەگەری شاردراوە دروستبوە، لە خەیاڵاتی نادیار، لە گینگڵ و دڕدۆنگی نەبیزاو، لە توێژی تەنک یان ئەستور لە هەست کە هەرگیز دەرناکەون، لە گرێ کە لە هۆشی دراون، لەزنجیرگەلی نەبیزاو کە گراونەتە دەستوپێی خواستەکانی، ئەم دیوانەی مرۆڤ مەحاڵە بەو چاوە ببیزرێت کە تەنیا واقع دەبینێت) (عەلی، ٢٠٢٢: ٥٩).

ڕەنگە ئەم پەنهانییە جۆرێک لە ترس و گومان لەدەوروبەری ئەم بونەوەرە دروست بکات و بۆ ڕۆچون بەنێو نهێنییەکانیدا کایەکانی دەرونناسی و کۆمەڵناسی مرۆیی بتوانن لە وردەکاریزیاتری نێوی نزیکمان بکەنەوە، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە لەم توێژینەوەیەدا پەیوەندی ئەو بونەوەرەیە لەگەڵ خودی زەبروزەنگ و توندوتیژییە سەردەمییەکاندا لە ڕێی پرسیاریکردن لە وەی ئاخۆ ئەو زەبروزەنگە و هونەرەکانی داهێنراوی تاکەکانن؟ یان بەهەمان شێوەی گشتی زەبروزەنگ، ئەوانیش لەهەمان سەرچاوەوە دێن و هەمان فاکتەر پاڵنەری سەرەکی دروستبونیانە؟ ئایا تاک بەتەنها و دابڕاوی بیر لە پیادەکردنی توندوتیژی دەکاتەوە یان بونێکی تر، فاکتێکی جیاوازتر لە پشت ئەو کردەیەوە هەیە؟ ئەمانە و زۆر پرسیاری تر کە لەگەڕان بەنێویاندا پێدەچێت ئامانجی تر بەدەستبێت.

## ٢-زەبروزەنگ وەک ئاکتی مرۆیی و ڕۆڵی تاک:

ئاخۆ ئەم دنیا جەنجاڵ و پڕ لەزەبروزەنگەی ئەمڕۆ بەتەنها سیستەمەکان توندوتیژی تێدا بەرهەمدەهێنن یان تاکەکانیش بەشی خۆیان داهێنانی نوێ لەنێو ئەو جۆرە باوانەی توندوتیژیدا دەکەن؟ هەڵبەتە گەر هەمو شتەکان بخەینەوە ئەستۆی سیستەمەکە هێشتا ناتوانین تاکەکان بێبەری بکەین، چونکە سیستەمیش لەخۆیدا بەرهەمی تاکەکانە و ئەوانن کە بە هزراندن و داهێنانەکانی خۆیان جۆرە سیستەمێکیان بەهەرهەمهێناوە بۆ پاراستنی بەرژەوندییە کەسییەکانیان. یەکێک لە هەرە دیاردە ترسناکەکانی جۆری تیرۆری گروپە توندڕەوەکانی لە تیرۆر وزەبروزەنگی سیستەمە خۆرئاواییەکە جیاکردوە، ئەوەیە لەگەڵ فەراهەمبونی هەمو چەک و فاکتەرەکانی خۆرئاوا بۆیان، ئەوان جۆرێک لە چەکی ڕەمزی بەکاردەهێنن کە بۆ سیستەمی خۆرئاوایی چەشنێکە لە مەحاڵ، ژیانی خۆیان بەکردەوەی خۆکوژی دەکەن بە جۆرە چەکێکی نادیار کە بەسانایی نادۆزرێتەوە، هەوکات گومان دەکات بە فاکتەرێکی بەهێزی دەرونی و وادەکات کەسەکان و سیستەمەکانی بەوگریش گومان لەهەمو شت و هەمو کەس بکەن.

لەم دۆخەدا گەرچی دژە سیستەم بە واتا خۆرهەڵاتییەکەی کاردەکات، بەڵام ئەویش لەهەناوی خۆیدا جۆرە پلان و بەرنامەیەکیتری هەڵگرتوە کە هاوتای سیستەمی دەکاتەوە، بەڵام بە ئاراستەیەکی پێچەوانە. لێرەدا کە تاکەکان خۆیان دەکەنە قوربانی، هێزی بڕوایەک دەیانخاتە سەوکەڵکەڵەی ئەو جۆرە بڕیارە، دواجار پێکرا لەژێر کاریگەری ئەو هاودژەی سیستەمدا بڕیارەکە دەدرێت. دابەشبونی دنیا بۆ دو جەمسەری دژ بەیەک و ئاڵۆز، دابەشبون بەسەر باشە و خراپەدا. ئیدی پانتاییەک ناهێڵێتەوە تاک خۆی لەدەرەوەی ئەو بڕیارە کۆمەڵییە بیربکاتەوە یان بڕیار لەوە بدات دەبێت بەرامبەر هەر ڕوداوێک بونێک، یان فاکتێک چی بکات. ئەو لەقاڵبدانە ئیدی بواری ئەوەی بۆ نەهێشتوەتەوە پرسیار لەوە بکات کە ئاخۆ ئەو لەدەرەوەی ئەو شێوازە لە فۆرم و قاڵب دەتوانێت پرسیزەبروزەنگ بە جۆرێکی تر ببینێت.

گرفتی سەرەکی تاکێک کە لە ناو کایە و گروپێکدا دەبزوێ گرفتی لەدەستدانی ئاکتی تاکە، ئەو هەوکاتێک بیر لەوە بکاتەوە کە مۆراڵ یان وژدانی خۆی بەکاربهێنێت بۆ دورکەوتنەوە لەزەبروزەنگ، یەکڕاست فۆرمێکی ئامادەی گروپ هەیە کە فریایدەکەوێت و ئەو دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی بونی لەو سات و شوێنەدا. زۆربەی جار ئاکتی توندوتیژی تاکەکان بەهۆی بونیانەوەیە لە کاتی نادروست و شوێنی نادروستدا، ئەو یاسایەی زۆر دۆخی تاوانی پێڕاڤەدەکرێت. مرۆڤەکان لەبەرئەوەی بونەوەری سۆزدارن، دۆخی سۆزداری زیاتر کۆنترۆڵیان دەکات لە ژێری بۆیە ئاسانە بکەونە نێو هەڵەی

وازهێنان لە تاکێتی خۆیان بۆ بون بەبەشێک لە گروپ و دەستەی هەڵبژێردراو، ئیدی ئەو دەستە و گروپانە خودایی بن یان دنیایی.
ڕۆژگاری ئەمڕۆ لەبەرهەمهێنانی مرۆڤی بەرخۆر و تەمبەڵدا درێغی ناکات، بۆیە بەویستی خۆی بێت یان نا سەردەمەکە مرۆڤگەلێک بەرهەمدەهێنێت کە دەیەوێت لە نێو کایەیەکی پێکەوەییدا بەشێکی کەم لە ئەوک و بەرپرسیارێتی بەربکەوێت و پاساو بۆ هەمو ئاکتەکانی بە هەنجەتی بونی لەنێو دەستەیەکدا بهێنێتەوە. هەڵبەت ئەو دەستەیەش یاسا و دابەکانی خۆی بەسەردا دەسەپێنێت، گەر زەبروزەنگ و پیادەکردنی سیمای دیاری ئەو دەستەیەش بێت. خۆبینینەوە لەنێو ئەو کایەیەدا باری شانی سوکتر دەکات لەوەی بەتەنها بەرەوروی بەرپرسیارێتی بێتەوە، چونکە ئەوکێکی گرانە. بۆیە کێشەی مرۆڤی خۆرهەڵاتی لەبەردەم ئەو هەمو نادادیەی سیستەمدا، کێشەی ونبونێتی لەنێوان خودی خۆی وەک تاکێکی ئازاد لەگەڵ گیرۆدەبونی بەبڕیار و دیدی کۆمەڵییەوە.
دۆخی توندوتیژی تاک، زۆرینەی جار لەدەرەوەی کۆمەڵی خۆرهەڵاتی ڕودەدات وەک ئەوەی جارجار لە هەواڵەکانی دنیادا دەیبینین کە کەسێک هێرشی تیرۆرستی بۆ سەر قوتابخانەیەک، کڵێسایەک، یان هەر جۆرە پەرستگایەکیتر کردوە. ئەم هەڵوێستە هەڵوێستی تاکێکی ناموراد و بێ هیوایە بۆیە دەبێت لەو جۆرەی تر لە زەبروزەنگی جیابکەینەوە کە جۆرێک لە بزاوتی سیاسی لەپشتەوە کاری لەسەر دەکات. (جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان توندوتیژی تاک و توندوتیژی سیاسی ڕێکخراو، ئەوەی ناوبەناو لە ئەمریکا یان هەندێک وڵاتیتری سەرمایەداری پێشکەوتو ڕودەدات، دۆخی نائومێدن بۆ دەربازێکی تاکانە لەلایەن هەندێک کەسەوە کە دەیانەوێت تورەیی و قینی خۆیان لەدژ نادادییەکانی ئەو کۆمەڵە دەربڕن کە بەشێوەیەکی توند لە ڕوی چینایەتیەوە دابەشبوە.) (الصیاد، ٢٠١٣). بەڵام لە بەرامبەری ئەوەدا ئەوەی لە دنیای خۆرهەڵاتدا ڕودەدات جۆرێکی ترە، لەپشتییەوە جۆرە کۆکردنێکی بەرنامە بۆ داڕێژراو هەیە (ئەوەی لای ئێمە ڕودەدات بریتییە لە تاوانێکی ڕێکخراوOrganized crime ی هەندێک ڕێکخستن کە ئایدۆلۆجیای وێرانکەر و تەکفیریان هەیە) (الصیاد، ٢٠١٣)
بەو پێیە ئەوەی لەدۆخی سەرهەڵدانی داعشدا ڕودەدات ناکرێت وەک جۆرێک لە ئاکتی تاک تەماشای بکەین، چونکە لە پشت ئەو جۆرە ئاکتەوە کە هەریەک لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە دەیکەن فەتوایەک هەیە، ڕێبەرێک هەیە، جۆرێک لە بڕیاری دەستەجەمعی هەیە کە خودی ئەو جۆرەڕێکخراوانە لە بنەچەدا دەگەڕێنەوە بۆ بنەمای (جماعة) کە داهێنراوی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی و ئیخوانەکانی میسرە لەسەر دەستی ڕێبەرەکەیان (حەسەن بەننا).
لەبەر ڕۆشنایی ئەو تێزانە و هەندێک شرۆڤەی تردا، خودی توندوتیژی کە دەگاتە ترۆپکی خۆی ئیدی بەرپێناگیرێت و پەل دەهاوێت و دەکەوێتە پانتایی تیرۆر و تۆقاندنەوە چونکە (خواستی توندوتیژی هەوکات ڕابو، گۆڕانکاری جەستەیی لە خاوەنەکەیدا دروستدەکات و بۆ بەشەرهاتن ئامادەیدەکات، لەگەڵ ئەوەی ئەم ئامادەگییە توندوتیژیانەیە کاتێکی سنورداره، بەڵام ناکرێت بەتەنها وەک کاردانەوەیەک تەماشای بکەین کە بەلەکاروەستانی هۆکارەکەی دەوەستێت) (جیرار،٢٠٠٩: ٢٩). کەواتە ئیدی توندوتیژی لەڕەوتی بەتەنها بیرکردنەوەدا دەردەچێت و دەگۆڕێت بۆ جۆرێکی تر لە ئاکت کە جەستەییە. هەمو ئەو ئاکتانەش جگەلە کردەی تیرۆر هیچ ناوێکی تری لێنانرێت. ئەو ترازانەش دەبێتە بەرهەمهێنەری کەسی تیرۆرست و ئەوساش وەک ئەوەی تیری ئیجلتۆن ئاماژەی پێدەکات ئیتر هیچ ڕێگەیەکی تر نییە بۆ دەربازبون چونکە (هەوکاتێک بەتیرۆرست ناوبرابێت واتە تۆ بەوە تاوانباریت کە مێشکت شۆراوەتەوە، تۆ لەبەرامبەردا ڕێبازێکی گەورەکراو کە لەکردەی کوشتنێکی ڕوتەوە وگیراوە پیادەدەکەیت) (ایجلتون، ٢٠٠٧: ٩).

ئەوەی لەماوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، کە دواتر ناوی گۆڕدرا بۆ دەوڵەتی خەلافەت یان دەوڵەتی ئیسلامی، ڕویدا دیوێکی دیار و بەڵگەنەویستی ئەو جۆرە لە تیرۆر بو کە ئیدی خواستی کوشتن و لەناوبردن سەربڕینی. لە پێناو گەیاندنی ئەو ترسی کوشتنە ئەم گروپە پەنایان بۆ چەندەها فاکتەری جۆراوجۆر دەبرد، کە پێکهاتەی زۆرینەیان وێنە بو، وێنە وەک ئامرازێکی بەهێز و کاریگەر لەسەر دەرونی کەسەکان بەوردی هەڵبژێررابو تا لەرێیەوە پەیامی توندوتیژی و تیرۆر و تۆقاندن بەر لە خۆیان بگاتە هەمو ئەو شوێنانەی دەیانخوازی دەسەڵاتیانی پێبگات. هەڵبژاردنی وێنەی جوڵاو بۆ ئەم مەبەستە چەندێک خواستێکی ئەهریمەنانەی لەپشت بێت، جۆرێک لەهوکردنیش بە توانای ئەو نێوەندەی تێدایە، بۆیە ناکرێت بەبێ ڕاڤەکاری دۆزینەوەی ئەو کۆدە هەروا لەفەرامۆشیدا جێیبهێڵین.

## ٣- وێنە لە نێوان ئەندێشە و بەرجەستەدا:

وێنە یەکێکە لەو بوارە هزریانەی یانەی کە لە فەلسەفەی هونەر، سیمانتیک، و زانستە مرۆییەکاندا قوڵبونەوەی زۆری تێدا کراوە. وێنە، بە پێناسە گشتییەکەی، وەک نێوەندێک کار دەکات بۆ گواستنەوەی چەمک و وێنا ئەندێشەکراوەکان بۆ فۆرمێکی بینراو و فیزیکی بەرجەستەکراو کە دەتوانرێت هەستی پێبکرێت کاری لەسەر بکرێت. ئەرستۆ لە وەسفی پەیوەندی نێوان وێنە و بیرکردنەوەدا دەڵێت: (هیچ کات ڕۆح بەبێ وێنە بیرناکاتەوە) (عبدالحمید، ٢٠٠٥: ٨) ئەم جۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ وێنە لەسەرەتاکانی دەرکەوتنی فەلسەفەوە تا ئەمڕۆ لە پێگە و هێز، لە ئەفسون و کاریگەرییەکانی وێنە دڵنیامان دەکاتەوە. وێنە کە بەشێکی گەورەی ژیانی مرۆڤەکانی لە سەرەتاکانی دەرکەوتنی شارستانییەکانەوە تا ئەمڕۆ داگیرکردوە. مرۆڤی سەرەتایی بەر لە داهێنانی نوسین تەواوی گوزارشتنەکانی خۆی، گێڕانەوەی چیرۆکەکانی، لەرێگەی نەخشاندنی وێنەوە لەسەر دیواری ئەشکەوت و پەناگەکانی تێدا دەژیا بەرجەستەکردوە. لێکۆڵینەوە شوێنەوارناسییەکان و ئەوانەی کار لەسەر مێژوی هونەر دەکەن وا دەبینن کە (ئەو وێنانەی کە زیاتر لە ٣٠ هەزار ساڵ پێش ئێستا و لەسەر دیواری ئەشکەوتی ئەڵتامیرای ئیسپانیا بۆ یادگاری ماوەتەوە، بەڵگەو نیشانەی دیاری ئەم کردەیەی مرۆڤی ئەو ڕۆژگارە بوە)(Fernández& Almeida,2016:362) کە لە هەندێک سەرچاوەی مێژوییدا وەک سەرەتاکانی هونەر لە چاخی بەردیندا ئەژماردەکرێت، و ئاماژە بەوەش دراوە کە کێشانی ئەو وێنانە ٢٠ هەزار ساڵی خایاندوە .

گەر بەشوێن پێناسەکانی وێنەوە ببین دەشێت لە کایەی جۆراوجۆردا پێناسەی لێک جیاوازمان دەستبکەوێت بەهۆی فۆرمی وێنەکە و شێوازی بەرهەمهێنان و بەکاربردنیشی لەنێو هەر کایەیەکدا. جۆرەکانی وێنە لە نێو کایەکاندا فرەن، وێنەی ئەندێشەیی بەهەمو شێوەیەک جیادەبێتەوە لە وێنەی جوڵاوی سینەمایی، وێنەی دیجیتاڵی جیاوازە لەوێنەی نیگارێکی شێوەکاری کە کاری دەستی نیگارکێشێکە و تەکنەلۆجیا دەستی بۆ نەبردوە، وێنەی فۆتۆگرافی جیاوازە لەوێنەی فەنتازی کە لەنێو ئەدەبدا جێگەی گرتوە. ئەوەی لێرەدا بۆ شوناسە ڕاستەقینەکەی دەگەرێین وێنەی جوڵاوە کە لەشیکاری گریمانەکاندا پێویستیمان پێیەتی و دەشێت بەم شێوانە پێناسەی جۆرەکانی بکەین:

1- گەر بە قوڵی لە نەژادی وشەی وێنە Imageبگەرێین، ئەوە دەدۆزینەوە کە ڕەگوڕیشەی دەگەرێتەوە بۆ وشەی یۆنانییە کۆنەکە ئایکۆن Iconکە ئاماژەدەکات بە لێکچون و گێڕانەوە، کە وەرگیراوە بۆ Imagoلە لاتینیدا و Image لە ئینگلیزیدا، ئەم وشەیە و دەلالەتەکانی ڕۆڵی گرنگیان لە فەلسەفەی ئەفلاتوندا گێڕاوە.) (مغنیة، ٢٠٠٧: ١٨)

2- وێنەی جوڵاو: هەمو ئەو شێوازی وێنانە دەگرێتەوە کە لەجوڵەدان، ئیدی لەنێویدا کاراکتەر یان هەرپێکهاتەیەکی تری وێنەکە یان جوڵەی کامێرا هەیەو بەسروشتی جوڵە لەشێوازەکانی تر جیادەبێتەوە. ئەم وێنەیە لە سینەما و تەلەفزیۆن و سکرینەکانی تریشدا دەبینرێتەوە. لەگەڵ ئەوە سینەما تایبەتمەندی خۆی هەیە لە شێوازی وێنەگرتن و نمایش و کەشدا بەڵام وەک ئەوانی تر ئەویش دەچێتەوە نێو شوناسی وێنەی جوڵاو.

3- وێنە گوزارشتێکی بینابیە، ئەفراندنێکە ئەندێشەکردن و گێڕانەوە دەکاتە فاکتەری پیشاندانی هزراندن و مانای وەرگیراو لە پەروەردەی کەلتوریەوە کە سینما تێدا چالاکە. لێرەوە وێنە بەبەردەوام فرەیی و کۆکەرەوەیە، زۆرشت لەهەناویدا هەڵدەگرێت هەروەکات ئاماژەی زۆریش کۆدەکاتەوە (افاية،2019)

4- جاك ئاومۆن وێنە وا دەناسێنێت کەوێنە لە ڕۆشنبیری ئێمەدا هەمو ئەوانەیە: کۆپی دیمەنێکە لە دیمەنەکانی جیهان هەستێکی ناسک دەیگرێت کە بەجۆرێک لەجۆرەکان تاکییە یان کۆمەڵی و هەروەکات نمونەییشە کە تایبەتمەندی نێوەندەکەیە هونەرمەند یان هەر کەسێکی تر (کەزانیاری و سۆزمان بۆ دەگوێزێتەوە و یەکێکی هاوشێوەش لەنێوماندا دروست دەکات) (اومون،٢٠١٣: ١٣).

5- وێنەی جوڵاو خەیاڵ و سێبەرە، وەهمی جوڵەیە لەڕێگەی بەدوایەکهاتنی خێرای وێنەکانەوە، وێنەی داهاتو بە داوی وێنەی ڕابردودا دێت بەمەش جوڵە دروست دەبێت.(حفني، ٢٠٠٣: ٢٤)

6- سینەما هاوسەرگیری زانست و هونەرە، دۆزینەوەکانی بواری هونەر و زانستە، کە پێکەوە هەوڵدەدەن ڕیتمی تروسکایی ڕوناکی بگرن و لە سینەمادا دەستنیشانی بکەن. لێرەوە، هونەری حەوتەم ئاشتکردنەوەی هەمو هونەرەکانە بەیەکتر، ئەو شوێنەیە کە هەستی نائاسایی نەمری بە مرۆڤی مۆدێرن دەبەخشێت (جەمال، ٢٠٢٠: ٢١)

کەواتە وێنە خاوەن هێزێکی لە بن نەهاتوی گوزارشتە، هەست و سۆز و دنیابینی دەگوێزێتەوە و کاریگەری خۆی لەسەر ناوەوەی مرۆڤەکان بەجێدەهێڵێت و هەروەکات ئامادەدەبێت ئیدی یەکڕاست هەمو شتەکانی دی دەبنە جێگرەوەی دوەم و ئەو توانای گوزارشتە ڕاستەقینەیەیان لەبەردەم خودی وێنەدا نامێنێت. سادەترین نمونە کە دەشێت ئاماژەی پێبکەین ئەو ڕوداوەیە کە لەنێو کەلەپوری کوردیدا دەربارەی خوێندەوار بون باسی لێوە دەکرێت کە مامۆستای قوتابخانەیەک دەیەوێت لە گوندێکدا خەڵک فێری خوێندەواری، نوسین و خوێندنەوە بکات، بەڵام مەلای گوند ڕێگرە، خەڵک دەکەنە دادوەر تا بڕیار لەوە بدەن ئەو دوانە کامیان ڕاستن، مەلا بە مامۆستا دەڵێت بنوسە مار، مامۆستا دەینوسێت، پاشان مەلا خۆی وێنەی مارەکە دەکێشێت و بە خەڵکی گوند دەڵێت ئەو دوانە کامیان مارە، خەڵک دەڵێن قوربان ئەوەی تۆ. کەواتە وێنە هێزێکی گوزارشتی ڕاستەوخۆ و کاریگەرتری هەیە لە نێو هونەرەکانی گوزارشتدا.

تواناکانی وێنە بە جۆرێکە کە لە لێکدانەوەی سێکتەرە جیاوازەکاندا ڕاڤەی بۆ دەکرێت، زانای ئەمریکی بواری پەروەردە جیرۆم برۆنەر دەربارەی هێزی وێنە ئاماژە بە هەندێک توێژینەوە دەکات کە دەریانخستوە (مرۆڤەکان ١٠% ی ئەوەی ئەیبیستن و ٣٠% ئەوەی دەیخوێننەوە لە یادەوەرییاندا دەمێنێتەوە، کەچی ٨٠% ی ئەوەی دەیبینن یان بە پراکتیکی لەنێویدان لەیادیان دەمێنێتەوە)(عبدالحميد، ٢٠٠٥:٦). بۆیە لە سەردەمە جیاوازەکانی مێژوی مرۆڤایەتیدا هەر هێزێک بیەوێت کاریگەری بەهێز لەسەر یادەوەری تاکەکان یان کۆمەڵە مرۆییەکان دروست بکات پەنا بۆ وێنە دەبات و لە ڕێی ئەوەوە پەیامەکانی خۆی ڕاستەوخۆ دەنێرێت و کاریگەری توند و خێراش بەرهەم دەهێنێت.

وێنەی جوڵاو لەسەرەتاکانی پەیدابونی سینەماوە هەمیشە بینەری توشی جۆرێک لەسەرسامی کردوە بەشێوەیەک لە زۆر کاتدا کۆنترۆڵی بیرکردنەوەشی دەکات ودەیخەتە سەر کەڵکەڵەی بیرکردنەوەیەک کە خۆی دەیەوێت. کاریگەرییەکانی سینەما لەسەر دەرون و هزری تاکەکان بەجۆرێکە کە بڕوای بەبەشێک لە بیریاران هێناوە وەک کاریگەری ئەفسون لەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤەکان لێیبڕوانن.

لەبەرامبەری ئەمەدا وێنەیەکی دی هەیە کە لە نێو دنیای ئەدەبدا شوێنی خۆیدەگرێت، وێنەیەکی ئەندێشەکراوە، زمان لە نەخشاندنیدا کاری گەورە دەکات و سەرقاڵی وەسفکردنی تەواوی دیمەنەکەیە و ڕێگە بە خوێنەر، وەرگر دەدات بەپێی ئەو وێنانەی دەربارەی ئەو بابەتە لە یادگەی خۆیدا هەڵیگرتون بە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ئیدیتی وێنە لە نێو زەیندا

لەهەر گۆشەیەک وێنەیەک بانگهێشت بکات تا دیمەنەکە تەواو دەکات. ئیدی ئەم وێنەیە لە نێو ئەدەبێکی نوسراو یان زارەکیدا بێت، پانتاییەکی والا لەبەردەم ووگردا دەکاتەوە تا بە پەنابردن بۆ وێنە هەڵگیراوەکانی خۆی وێنای دیمەنەکە تەواو بکات. وێنەکانی نێو گێڕانەوەی زاری زەق و زۆپ و بەرجەستە نیین بەهێندی ئەوەی کە وێنەیەکی بەرجەستەکراو لە سینەما یان تەلەفزیۆندا دەبینین، وێنەیەکی فۆتۆگرافی بەرجەستە کە واقیعێک دەگوێزێتەوە، ئیدی ڕێگە بەخەیاڵ نادات دەستکاری بونیاد و پێکهاتەی وێنەکە بکات، چونکە ئیدی ئەوە واقیعە و هەیە و بە وردەکارییەکانی خۆیەوە بەرجەستە کراوە و ئەو دەمەشی بڕوا بەو وتەزا نێودارەی ڤێرتۆڤ دەکەین کە دەڵێت (چاوی کامێرا بەسەر چاوی مرۆییدا زاڵە.) ئیدی هیچ بوارێک بۆ زیادکردنە سەر وێنەیەکی بەرجەستە نامێنێتەوە.

دنیای ئەدەب کە دنیایەکی ئەندێشەیی ئازادە، بواری جیاواز بۆ ووگر، خوێنەر دەکاتەوە، بەڵام وێنەی بەرجەستەکراو ئەو ئازادییە قۆرغدەکات و دێت و بونی خۆی بەزەبری واقیع دەسەپێنێ، ئیدی وێنەی جوڵاو هێندەی تر ئەو هەژمونە پیادەدەکات (گەر خوێنەر ئازادی تەواو لە فراوانبون و گەشەی جیهانی ئەندێشەدا و سەرلەنوێ بیناتنانەوەی خوێنراوەی زەینی لە جیهانی ڕۆماندا دەدۆزێتەوە، نمایشی سینەمایی ئەو پانتاییە بۆ بینەر جێناهێڵێت، لەبەر ئەوەی جۆرێکی بەرجەستە و نمایشی لەلایەن دەرهێنەرەوە بەسەرماندا دەسەپێنرێت کە خۆی ئەو شێوازە هەڵدەبژێرێت کە لەگەڵ دنیابینی هونەریانەی خۆیدا گونجاوە. (فاتی، ٢٠١٨: ١٩)، واتە بینەر لەبەردەم وێنەی جوڵاودا بژاردەی تری نییە جگە لە ڕوانین لەوەی لەبەردەمیدا بەرجەستە کراوە و ئیدی دەبێت خەیاڵی خۆی و لێکەوتەوەکانی فەرامۆش بکات.

هەڵبەتە لەمێژە ئەوە سەلمێنراوە کە مرۆڤ بەسروشتی خۆی خۆخۆشەویستە، ئەو لە وێناکردنی ئەندێشەیی توندوتیژی و زەبروزەنگدا، ڕەحم بە وێژدانی خۆی و هەستەکانی دەکات، هیچ کات بە هێندی وێنەیەکی بەرجەستە ئەندێشەی توندوتیژی ناکات و نایەوێت دیمەنەکان خوێناویتر بن لەوەی خۆی وێنایان دەکات، لەبەر هیچ نا، لەبەر ئازار نەدانی دەرونی خۆی. یان هەندێکجار وێنەی توندو تیژی بەو شێوەیەی هەیە لە ئەندێشەی ئەودا جێی نابێتەوە، چونکە ناتوانن بە هێدی یەک توندوتیژ بن، دۆخی جیاواز، ژینگەی جیاواز، کەلتوری جیاواز کەسی جیاواز بەرهەمدەهێنێت. کەواتە کەسەکان توانستی ئەندێشەکردنیان وەک یەک نییە و بە جیاواز لەیەک وێنە دەبینن و وێنای هەر دیمەنێک دەکەن. ئەمە ڕێ لەوە ناگرێت کە مرۆڤی سادی یان ماسۆشی هەبن و بە ئازاردانی کەسانی دی یان ئازاردانی خودی خۆیان نەشئەبیانگرێت، بەڵام ئێمە قسە لەسەر کایە گشتییەکە دەکەین، کە مرۆڤی ئاسایی تێدا بەرجەستەیە، بەڵام لە نێو کایەی گشتیشدا بمانەوێت یان نا ڕێزپەڕ هەر دەبێت.

هەمیشە وێنەکانی نێو کایە ئەدەبییەکە، وێنەی خەیاڵیترن لەوەی لە بەرجەستەبوندا دەردەکەوێت، ئەدەب چەند واقیعبێت هەمیشە تاڵێکی لەگەڵ خەیاڵدا دەمێنێتەوە، هەردەم شتێک هەیە ئەو بباتەوە نێو ئەوەی دەشێت ئەمە جۆرێک لە خەیاڵ بەرهەمی هێنابێت، بەڵام وێنەی بەرجەستە کراو هێزی نزیکبونەوە لە حەقیقەتی زیاترە، بۆیە زەبری ئەو خێراتر و بەگورتر لەسەر دەرونی بینەر، ووگر. هەروەکات (ئەوەی ڕۆمانێک لە ژمارەیەک لاپەڕەدا دەیلێت وێنەی سینەمایی دەتوانێت لە تەنها یەک وێنەدا بیڵێت؛ ئەویش بەپشت بەستن بە سروشتی تایبەتی خۆی، ئەو وێنەیەکی بیزراوە یاسایەک حوکمی دەکات، کە دەبینی مانای ئەوەیە بەکورتی دەربڕێت.) (العبد: ١٣٣). بەو پێیە کاریگەرییە خێراکەی وێنە لەو کورتبونەوەیەدایە بۆ وەستاندنی چرکەیەک لە نێو فرێمێکی وێنەییدا.

هەڵبەت نابێت ئەو ڕاستییەش ببوێرین کە وێنە جگەلە بەرجەستەکردنی واقیع و کورتکردنەوەی ئۆکێکی تریش لە نواندنەوەی واقیعدا دەگێڕێت کە دوپاتکردنەوەی کات و شوێنە (گەر زمان توانستی داڕشتنی بیزراو و تێگەیشتنی لە نەبیزراو هەیە، ئەوا وێنە لە بنچینەدا توانستی گۆڕینی بیزراو و نەبیزراوی بۆ قەوارەیەکی هەستپێکراو و ئامادە لە ئێرە و

ئێستادا هەیە.) (الزاهي، ١٩٩٩: ١١٦) واتە ئەوکێک بەجێدەهێنێت لەودیو خەیاڵەوە، بروایەک دروستدەکات بەڕاستی و زەبرەکانی، هیچ دەرفەتێک بۆ ئەوە ناهێڵێتەوە، کە نەبیزراو و پەنهانێک لەودیو شورەی خەیاڵێکەوە خۆی حەشار بدات، دەرفەتی ئەو یاریی بەزەییەی مرۆڤ بە خودی خۆیدا گەلێک تەنگ دەکاتەوە. چونکە (ئەندێشەی فراوان و کراوە و جیاواز لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر لە میانەی چیرۆک یان ڕۆماندا، لەکاتی گواستنەوەی بە فاکتەرەکانی وێنەی جوڵاو دەبێتە ئەندێشەیەکی دیاریکراو لە سنوری ئەوەی بەرهەمهێنەرەکانی لە فۆرم و بابەتدا نمایشی دەکەن.)(شیمي،٢٠٠٣: ١٨).

شارراوە نییە کە وێنە هەندێک تایبەتمەندی تری هەیە کە بە ئاسانی بۆ وشە و نوسراوەکان کە بنەمای ئەدەبن دەستەبەرنابێت ڕۆڵان بارت ئاماژە بەوە دەکات کە (وێنە سروشتی ترانسپاریسی هەیە (شەفافیەت) ئەو ئاماژەیەک نییە بۆخۆی بەڵکو ئاماژەیە بۆ ئەو بابەتانەی وێنەیان دەکات، واتە دالێکە خۆی لەپشتی مەدلولەوە دەشارێتەوە.) (Barthes1982:6) ئەم توانستی خۆشاردنەوەیە لەپشتی مەدلولەوە پێشتر بۆ وشە یان تێکستی نوسراو و بیستراو فەراهەم نەبوە. سروشتی وێنە بەو پێیەی دالێکە بەتەواوی خۆی دەشارێتەوە بەشێوەیەک کە هیچ ماوەیەک لەنێوان خۆی و ئەوەی وێنای دەکات نامێنێتەوە، واتە دەبێت بە ئەو وخۆی دیارنامێنێت، بەو شێوەیە خاسیەتەکانی ئایدۆلۆجیا لەخۆدەگرێت، هەمیشە وا خۆی نمایشدەکات کە سانا و ڕاستەوخۆ و گوێزەرەوەی واقیعە، لەڕاستیدا دەتوانێت خودی واقیعیش ساختە بکات. بۆیە دەبێتە فاکتەرێک بەدەست هەمو ئەوانەوە کە دەیانەوێت لەودیو حەقیقەتەوە شتێکیتر بەرهەمبهێنن و بە نرخی خودی حەقیقەت یان واقیع بیخەنە بەردەم بینەر.

## ٤- وێنە وەک کەرەستەی گواستنەوەی ترس:

بابەتەکانی وێنە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دەمانخاتە بەردەم جۆرێک لە تێڕامانی جیاواز، ئارگومێنتی نوێ دەربارەی سادەیی و ئاڵۆزی، بابەتی و خودی، ئاگایی و نائاگایی، گۆشەگیری و کرانەوە، ترس و نیگای جوانی، بێدەنگی و هاوار و چەندەها دوانەی دژ بەیەک کە زۆرجار لەساتی ڕوانین لە وێنەدا لە زەینماندا دروستدەبێت، ئەمە ئەو بنەمایەیە کە وێنە لە بیرکردنەوە نزیک دەکاتەوە بەڕادەیەک هەندێک لە بیریاران دەگەیێنێتە ئەو بروایەی بڵێن وێنە هاوشێوەی بیرکردنەوەیە. پەیبردنی مرۆڤەکان بەو هێزەی وێنە و کاریگەرییەکانی وەک هاوشێوەیەکی بیرکردنەوە بەشێک لەوانەی بەشوێن ئامرازی جۆراوجۆری ترساندن و ئەشکەنجەدانی دەرونی بەرامبەرەوەن گەیاندۆتە ئەو بروایەی وێنە دەشێت فاکتەرێک بێت، نێوەندێک بۆ گواستنەوەی تۆقاندن، هەوڵێک بێت بۆ خولقاندنی جۆرێک لە ترس لەهەناوی بینەردا، کاریگەرییەکانی وێنە بە جۆرێکن کە لەیادکردنیان گەلێک ئاستەمە بەبەراورد بە گێڕانەوە گەر لەو گۆشە نیگایەوە تەماشای بکەین کە پێشتر لە دیدی جیرۆم برۆنەرەوە ئاماژەمانپێکرد.

کێشەی بەکاربردنی وێنە بۆ گواستنەوەی هەستی تۆقین کاتێک مەترسییەکانی زیاددەکات کە گوتارێکی ساختە لە پشتییەوە کاردەکات گوتارێک ئەوەندەی سەرقاڵی بەرهەمهێنانی ڕق و کینەیە بە پشتیوانی درۆ گەورەکانی تیۆری پیلانگێڕی، ئەوەندە کار لەسەر بەرهەمهێنان و ڕاڤەکردنی حەقیقەت ناکات (گوتاری ساختەی بەرهەمهێنەری ڕق و سڕینەوە، لەگەڵ خۆیدا فەرهەنگێک دەهێنێ کە عەقڵانییەت و کەلتوری لێبوردەیی بەنەفرەت دەکات، بەبەکارهێنانی زاراوە و چەمکەکانی تەخوین و تەکفیر و دێواندن و زەندەقە و دەرکەوتنەوە لەهەمو میکانیزمەکانی بەڵگەی لۆژیکی و عەقڵانی، چونکە ئەوانە ئامرازەکانی بیدعە و گومڕایین و بەرهەمی ئەویتر کافرن (سعدلله،٢٠٢٢: ٨). بۆیە هەرکات ئامرازەکانی گواستنەوەی زانیاری لەبەردەست جۆرە سیستەمێک یان گروپێکی وادا بێت جگە لە گواستنەوەی ڕق و ترس و تۆقین جۆرێکیدیش لە کردار جێبەجێدەکات کە هاندانی ئەندامانی گروپەکەیە بۆ جۆرێک لە پیادەکردنی توندوتیژی،

بەتایبەتی لەو دۆخی جەنگدا (زۆرجار ڕەگەزی بینایی ڕۆڵێکی زۆر بەبایەخی بینیوە لە ڕەوتی جەنگدا، هەندێک هێمای بیناییمان هەیە نمونەی ئەو ئاڵایەی گوزارەی الله اکبری لێنوسراوە ئەوە هێزێکی مەزنی دەدا بەجەنگاوەر لەکاتی شەڕدا، هەمان شت بەسەر وێنەی خاچیشدا جێبەجێ دەبێت.) (السيوي،٢٠٠٣: ١١٠)

ەرککردنی ئەوان بە هێزی وێنە لەو تێگەیشتنەوە دێت کە دەزانن وێنەی دەسەڵاتێکی بەهێزی هەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەرونی مرۆڤەکاندا و تەواو لەوە تێگەیشتوەن کە (وێنە دەسەڵاتی گۆڕینی ڕەفتار و هەڵوێستی هەیە ئەوەی بە (وێنەی بەرفرمان خراو) ناودەبرێت، خودان سروشتێکی پراگماتیە کە لە چەکداربونی هەندێک سیستەمی سیاسیدا دەیبینین بە ستراتیجی وێنە بۆ سەپاندنی هەژمون و کاریگەری خۆیان لەسەر ڕەفتار و عەقڵی جەماوەر.) (العبد، ٢٠٠٣: ١٣٣).

ئەم کاریگەرییەی وێنە لە تەنگەبەرەکانی بیری گروپەکانی سەلەفیزمی جیهادیدا 1لەگەڵ ئەوەی وەک جۆرێک لە بیدعە لێیدەڕوانرێت، بەڵام مەکیاڤێللیانە مامەڵێی لەگەڵ دەکەن و پێیانوایە مەبەست هەنجەتی هۆکارە و دەتوانن لە پێناو ناردنی ترس بۆ نێو دڵی دوژمن پەنا بۆ هەر شتێک ببە کە دەیخوازن. گەرنا سینەما و تەکنیکەکانی، تەلەفزیۆن وردەکارییەکانی خۆی لەخۆیدا لە دیدی ئەواندا جۆرێک لەنەفرەتن و دەبێت لە کۆڵ مرۆڤایەتی بکرێنەوە. لەسەرەتای دەستبەسەراگرتنی ئەفغانستان لەلایەن تاڵیبانەوە بە کۆمەکی عەرەب ئەفغان، تەلەفزیۆن وەک ئامێری پەخشکردنی وێنەی جوڵاو حەرامکراو هەرکەس بەکاریبهێنایەسزای توند دەدرا، هەمان دۆخ ئەنسار الاسلامیش لە ناوچەی هەورامان دروستیان کردبو. بەڵام ئەو کاتەی وێنەی جوڵاو دەچێتە خزمەت ئەو گوتاری خۆیانەوە ئیدی وەک هەر هۆکارێکی دی جەنگ ڕێگەپێدراوە و دۆزینەوەی باشترین جۆرەکانی تەکنیک و بەکارهێنانیشی هێندەی تر جیهاد دەگەیێنێتە ترۆپک.

هەرکات لەو دڵنیابوین کە وێنە دەتوانێت پاشخانێکی زەینی گرنگ بێت و وەرگر یان بینەری وێنەکە لەنێو لێکدانەوەکانیدا بەجۆرێک نغرۆدەبێت کە بواری بۆ تێڕامانی قوڵتر نامێنێتەوە ئەوسا لەوە تێدەگەین کە گوتاری توندڕەوەی چ کارێکی بەو نێوەندەیە. ئەو هەمیشە دۆخی خۆی لەبەردەم گوتاری ئەوی تر وا دەشوبهێنێ کە (بریتییە لە شەپۆلێک لە هەستی ترس و پێشبینی مەترسی و هەڕەشەی نادیار و ئاڵۆز و مەترسی گەورە و دروستکردنی دوژمنی وەهمی کە چاودێری دەکات و لەبۆسەدایە بۆ خستنی شوناس و تایبەتمەندییە کەلتوری و عەقیدەییەکان و ئامانجەیە بۆ کۆتایی و فەنابون.) (سعدالله، ٢٠٢٠: ٨).

بۆ ڕزگاربون لەو هەمو هەڕەشەیە، دەبێت موجاهید و لایەنگرەکانی بەبەردەوام بەو کەرەستانە تەیار بکرێن کە مەترسی بەرامبەر دوپاتدەکەنەوە. هاوکات ئەوەش پیشانی بەرامبەرەکەی بدات، کە هێزی ئەمیش لەو نێوەدەدا کەمناهێنێت و دەزانێت بەتاکتیکەکانی دوژمنەکەی یارییەک لەبەرژەوەندی خۆی بکات. بۆ گواستنەوەی ئەو ترسە دەبێت پێگەیەک یان نێوەندێک بدۆزرێتەوە تا مامەڵەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بینەر بکات، بۆ ئەم کردەیەش گروپە جیهادییەکان هەر لەسەردەمی شەڕی ئەفغانستانەوە 2 کەناڵەکانی تەلەفزیۆنیان وەک نێوەند بەکاردەهێنا. کەناڵی ئەلجەزیرەی قەتەری هەمیشە ئەو ڤیدۆیانەی دەستدەکەوت کە ئەو گروپانە دەیانویست پەیامەکانی لێوەبنێرن. چونکە لە ڕۆژگارێکداین وەک ئیجنازیۆ ڕامۆنیە دەڵێت: (تەلەفزیۆن خواردنی سەرەکی خۆی لە خوێن و توندوتیژی و مردنەوە وەردەگرێت، پاشان هەمیشە لەلای بینەران ترس لەوە هەیە کە ئەو ترسەی دەیبینن لەدوری ئەوان هەیە بیانگاتێ و لێیان نزیکببێتەوە یان ئەوان ببنە بابەت و ڕوداوی ئەو)(عبدالحميد، ٢٠٠٥: ٤١٤). هەڵبەتە دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە چەمکی جیهادی ڕاگەیاندن کە داهێزاوی (ئەیمەن زەواهیری) کەسی دوهەمی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بو کە دەیوت جیهادی ڕاگەیاندن نیوەی جەنگەکەیە، بنەمای ئەم جۆرە کارکردنە لێرەوە شەرعیەتی زیاتر وەردەگرێت و سەرنجی زۆرێک لەو کەسانەی ڕاکێشا کە خواستی دژە خۆرئاوا لەبیرکردنەوەیاندا گەشەدەکات، بەڵام کەسانی سەربازی نین و ناتوانن بەشداری کردەی

سەربازی بکەن. بۆیە داعش وەک میراتگری ئەو جۆرە گروپانە لەسەر هەمان ڕەوت بەردەوامە، بەڵام بە میکانیزمی جیا کە بەرهەمی خودی سەردەمەکەن. ئەوان سەرقاڵی بەرهەمهێنانی واقیعێکن کە خۆی نییە، دەیانەوێت لەڕێی وێنەی بەرهەمهاتووەوەڕاستییەکمان پیشان بدەن کە مەرج نییە وابێت، کە بمانەوێت یان نا ئەمە سودووگرتنە لە بڕوا لەقەکانی مرۆڤی مۆدێرن. لە ڕۆژگارێکدا دەژین هەمو ئەو وێنانەی دەورمان دەگرن و ئەو نێوەندانەشی بە ناوی وێنەی واقیعەوە هەن ئاماژەن بۆ واقیع و خودی خۆی نین بۆردیارد جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە دۆخێکی ئاماژەیی بوندا دەژین، هیچ کەس لە واقیعی ڕاستەقینەدا ناژی، بەڵکو لە جیهانێکداین ئاماژەیە بۆ واقیعی ڕاستەقینە ( Baudrillard, 1993:62) بۆدریارد بڕوای وایە مرۆڤی هاوچەرخ ڕازیە بەوەی پەنا بۆ کۆپی بەرێت وەک لە ڕەسەن، ئەوەی لاسایی واقیع دەکاتەوە نەک واقیعی ڕاستەقینە. بۆیە ئەو گروپانەش لەو دۆخەی پێویستیان بە سەپاندنی واقیعێک هەیە کە خۆیان دەیخوازن پەنا بۆ وێنەی بەرجەستەکراو دەبەن ئیدی فۆتۆ بێت یان وێنەی جوڵاو.

## بەشی سێیەم: پراکتیک و نمونەی شیکاری:

1- بەشداری تەکنیکی سینەمایی لە بەرهەمهێنانی وێنەکاندا:

ئەو کاتەی داعش، دیمەنی سوتاندنی فڕۆکەوانە ئوردونییەکە (معاذ الكساسبة)ی بە زیندویی لەمانگی کانونی دوەمی 2015 بڵاوکردەوە بە ناوی (شفاء الصدور)، سەردەمێکی جیاواز لە بیرکردنەوەی ئەو جۆرە گروپانەدا بۆ پەنابردن بۆ وێنەی جوڵاو، دەرکەوت. جۆرێک لە تاکتیکی نوێ هاتە گۆڕێ کە پێشتر بەو وردەکارییە کاریان لەسەر نەکردبو. جۆرە نمایشێک کە هیچ کات میکانیزمی بیرکردنەوە و ڕەفتاری ئەو گروپانە لەرۆژگاری تردا ئەزمونیان نەکردون. وردبونەوە لە وێنەگرتن و تەکنیکەکانی، ئیدیتین و وردەکارییەکانی ئەو دیمەنە دەمانگەیێنێتە ئەو بڕوایەی کارەکە هەرەمەکی و سەرپێیی نەکراوە و ئەوەی لەپشت کامێرا و سێتین و بەرهەمهێنانی ئەو کارەوەیە، کەسانی پرۆفێشناڵن و هۆشیارییەکی تایبەتیان بە تەکینک و وردەکارییەکانی بەرهەمهێنانی دیمەن و هێزی وێنەی جوڵاو کاریگەرییەکانی هەیە.

ئامادەبونی ئەو زەینە وێنەسازییە، گەر شۆکێکی گەورەی بۆ دنیای سیاسەت هێنابێتە گۆڕێ، نێوەندی میدیایی دنیاشی بە جۆرێک سەرقاڵکرد، کە پێشتر لەو گۆشەنیگایەوە کاری ئەم گروپانە لێکنەدراوەتەوە. چونکە لە پەیامە وێنەییەکانی ڕابردودا، مەبەستێکی ڕاستەوخۆ، بەوێنەیەکی ڕاستەوخۆی دور لە تەکنیکی ورد و بیرکردنەوە لە کواڵتی پێشکەشکراوە، بەڵام ئەمجارە جۆرە زەینێکی دی لەپشتڕا کاردەکات. زەینێک دەزانێت تەکنیکی سینەمایی دەتوانێت چ جۆرە کاریگەری و سەرقاڵییەک دروستبکات. بۆیە هەوکات لە پێکهاتە جیاوازەکانی ورددەبینەوە، زیاتر لەوە تێدەگەین، کە پەنابردن بۆ ئەو جۆرە لەتەکنیک، پەنابردنە بۆ سەرسامکردنی بینەر لەبەردەم هێزی وێنەدا. گەر هۆلیود بە خۆی و تەکنیکە زەبەلاحەکانییەوە سەرقاڵی بەرهەمهێنانی وێنەی لاوازی ئەو جۆرە هێزانە بێت، کە ئیدی تەکنیک و وردەکارییەکانی دەکەوێتە دەست خۆیان دەزانن بەکام ئاراستەیەدا ڕێنمونی بکەن و بەرەکوێی بەرن تا وێنەیەکی تر، جیا لەوەی میدیا و ماس میدیای خۆرئاوا دەربارەی ئەوان بەرهەمیدەهێنێت پێشکەش بکەن. وێنەیەک کە هێزی ئەوانیش بەجۆرێک نمایشبکات تۆقێنەر بێت، بەم هەنگاوە دو ئامانج بەدیدەهێنن، لەلایەک ترسێکی گەورە دەخەنە دڵی نەیارەکانیان، لەلایەکی دی نمایشی هێز و توانا و سەنگێکی تر بۆ یار و لایەنگرانیان دەکەن و خۆیان وەک خاوەن توانایاکی سەربازی گەورە نمایش دەکەن، لەسەردەمێکدا کە نمایش سیمای سەرەکییەتی.

هەڵبەتە دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم ڤیدیۆیە یەکەم کاری پرۆفێشناڵانەی ئەو گروپە نییە، چونکە پێشتر و لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٤دا ڤیدیۆیەکی تریان بەناوی (ولو كره الكافرون) بڵاوکردەوە، کە تێیدا جگە لەناساندنی گروپەکە نمایشی هێزیش بە سەربڕینی کۆمەڵێک لە بەبارمتەگیراوی خۆرئاوایی دەکەن. ئەو دیمەنانەش بەشێوەیەک وێنەگیراون کە سادە

و لامسەلایی نین، گۆشەی وێنەگرتن و بەکارهێنانی تەکنیک تێیدا ئەوە دەردەخات کە داعش ئیدی بیر لەهەنگاوی جیاوازی نادرنە دەرەوەی دەنگ و ڕەنگی خۆی دەکاتەوە. بۆیە دەزگایەکی بەناوی (الفرقان) دروستکرد بۆ بەرهەمهێنان و پەخشی ڤیدیۆیی و هەواڵەکات کەناڵی (الحیاة) بۆ بەرهەمهێنان و پەخش کە ڕاگەیاندنی داعشی بە پانزە زمانی جیاواز بەرهەمدەهێنا و بڵاویدەکردەوە و (مرکز التراث للاعلام) کە کەناڵێک بو ئاراستەی خۆرهەڵاتی ئاسیا دەکرا و بەزمانی گەلانی ئەو ناوچەیە پەخشدەکرا.

بە ئاسان هەستپێکراوە کە (گەر زنجیرەیەک وشە پێکەوە مانایەک بەرهەمبهێنن، ئەوا ژمارە وێنەیەک هەزار مانا بەرهەمدەهێنن) (دوبرية،٢٠٠٢: ٤٥). کەواتە ئەو گروپەی پەنا بۆ وێنە دەبات تەواو لەوە تێگەیشتوە کە ئەم فاکتەرە دەتوانێت چ جۆرە کاریگەرییەک بەرپابکات. بەکارهێنانی وێنە بەم شێوەیە دەچێتەوە نێو هەمان ئەو بنەمایەی کە ئەو فاکتەرە بەدەست هەر گروپێکەوە بێت دەتوانێت لە پێناو خواستی خۆیدا بەو شێوەیەی دەیخوازێت یان لەبەرژەوەندیەتی بەکاریبهێنێت. بۆ بەدیهێنانی ئەم کارکردەش (کەسانی پرۆفێشناڵ کە خاوەن ئەزمونی تایبەتین لەو بوارەدا و پێشتر کاریان لە بەرهەمهێنانی سینەماییدا کردوە بەکارهاتون و کاریان لەسەر ئەم بەرهەمانە کردوە، لەبەرئەوە هەمو بیرۆکەکانی سینەما بەسەر بەرهەمهاتوەکاندا جێبەجێکراوە (زیاد: استديو الرعب: د.26).

ئەو ستافەی ئەم کارانە دەکەن ئەو نەوە نوێیەن کە خودی سیستەم بەرهەمی هێناون، ئەوانەن کە لە سەردەمی پێشکەوتنی تەکنیکدا گەشەدەکەن و سادەبونەوەی دەستگەیشتن بە تەکنیکە نوێیەکاندا ئەوانی گەیاندۆتە ئاستێک لە بەرهەم، هەندێک لەوانە نەوەی دومەی خێزانەکانن کە لە ئەوروپا گەورەدەبن، ئەوانەی سەر بە خانەوادەی ئیسلامی وڵاتانی ئەوروپان و لەناو مزگەوت و خوێندنگە ئاینییەکاندا بۆ مەبەستی فێربونی ئاین و دابونەریتی باب و باپیران کۆتایی هەفتە بەشداری خولەکان دەکەن. بە سانایی دەتوانین ئەوە ببینین کە بەشێک لەو بەرهەمانەی داعش لە وردەکاری دیمەندا یان لاساییکردنەوەی فیلمێکی بەرهەمهاتوی هولیودە یان گواستنەوەی دیمەنەکانی یارییەکی ڤیدیۆییە بۆ ڕوداو دیمەنێکی واقعی. گۆشەکانی وێنەگرتن، تەکنیکی ئیدیتین و بەکارهێنانی ئیفێکتەکان چ لەدەنگ یان وێنەدا زۆر بە سادەیی ئەم گریمانە دەسەلمێنن. لەو سۆنگەیەوەیە کە عصام الدفراوي پسپۆڕ لە بواری ڕاگەیاندنی جیهادی دەربارەی ئێمە دەڵێت:

بەلامەوە سەیرە کە هێشتا سەرسامین دەربارەی توانای داعش لە بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە لە ڤیدیۆی ترسناک و تۆقێنەر پرۆفیشناڵانە، هێشتا نازانین کە داعش لە ئێمە زیاتر دەزانێت. ئەوانەی ئەو ڤیدیۆ توندوتیژ و پەرگیرانە دروست دەکەن، منداڵانی کۆمەڵی ئێمەن، ئەوان لەم کۆمەڵانەدا بەژیان هاتون و تێدا گەورە بون، ئەوان نەوە ئەلەکترۆنییەکەن منداڵانی ئینتەرنێت. بانگەشەی ڕاگەیاندنی داعش ڕەنگدانەوەی خراپترین بەرهەمەکانی ئێمەیە، خراپترین جۆرەکانی ترس و تۆقاندنی هۆلیودی، فیلمە گیانبازییەکانی هۆلیود، یارییە ڤیدیۆییەکان، ڤیدیۆکلیپەکانی گۆرانی ڕاپ ئەوە پرسیارمان تێدا دەوروژێنێت.(الدفراوی: چاوپێکەوتنی العربية: د.26).

کەواتە نەوەی ئینتەرنێت، ئەو نەوەی دومەیە کە لە نێو مزگەوت و فێرگە ئاینییەکانی ئەوروپادا گەورەبون و سودمەندبونیان لە فێربون لە خوێندنگە و زانکۆکانی خۆرئاوا لە ڕۆژەی بیرکردنەوەو ڕەفتاری گروپەکانی سەلەفیزمی جیهادیدا بەکاردەهێنن.

هەر لەهەمان کایەدا زیاد کە وێنەگرێکی پێشوی داعش بوە لەوە دڵنیامان دەکاتەوە کە کەسێک بەناوی (ابوعبدالرحمنی ئەمریکی) کە پێشتر لەهۆلیود کاری کردوە لەپشت دروستکردنی ئەو جۆرە ڤیدیۆیانەوە بوە. ئەو زهنیەتی سینەما و ئەزمونەکانی بەسەریدا زاڵ بوە (هەمیشە دەیگوت ئەوەی ناچاربوم کاری لەدژ بکەم لە هۆلیود، ئێستا یارییەکە پێچەوانە

بۆتەوە بۆ داکۆکیکردن لەو بیرۆکەیە کار دەکەم.) (زیاد: چاوپێکەوتنی العربیة: د.34). وردبونەوە لەو دیمەنە لە زۆرشوێندا دەمانوەستێنێت، سەرەتای دەستپێکی دیمەنەکە بەگرتەیەکی گشتی دەستپێدەکات کە (معاذ) بەبەرگێکی پرتەقاڵیەوە، کە بەبەرگی زیندانیانی گۆنتەنامۆ نلسراوە و پێشتر ئەمریکییەکان ئەندامانی ڕێکخراوی القاعدە کە لە ئەفغانستان بەدیلگیران و هەندێک گروپی تری ئیسلامی پێوەزیندانی دەکرد، لە تەواوی دیمەنەکە دەڕوانێت. هەڵبەتە بەشێوەیەک دیزاینکراوە کە ئارت دایرێکتەرێکی پرۆفێشناڵ هەروا بیر لە سێت دەکاتەوە. باکگراوندی دیمەنەکەدا دەبینین هەندێک ئامێر کاردەکەن (حەففارەیەکی چاڵ هەڵکۆڵین) بەرەنگە سورەکەیەوە دیارە.(وێنەی ژمارە ١) دەنگی ئەو ئامێرە و جوڵەکانی جۆرێک لە سەرسامی بەبونی لەو شوێنەدا دروستدەکەن.

گۆشەیەکی فرێمەکە پشتی کەسێک بەبەرگی سەربازیەوە دەردەکەوێت وەک جۆرێک لەکۆکردن لەسەر میزانسێن و بالانسی ئەو شتانەی تر کە لەنێو فرێمەکەدا دیارن. ئەو جۆرە لەتەم و تۆز کە دیمەنەکە دادەپۆشێت جگەلەوەی زیادکردنی مودە بۆ دیمەنەکە، هاوکات بۆ ناڕونی شوێن لە ڕوی سەربازیەوە سودی لێوەگیراوە. دروستکەرانی دیمەنەکە



**وێنەی ژمارە ١**

تەواو دەزانن کام جۆرە لە ئەتمۆسفیر بۆ ڕوداوەکە دروستدەکەن تا بەشێوەیەک لە شێوەکان جگە لەسەرنجراکێشانی بینەر، وەرگر، برێک لە هۆشیاری ئەمنیش پیشان بدات. (ئەوانەی ئەو دیمەنەیان وێنە دەگرت ٤-٥ کامێرا بون، دانانی ڕیزی هێزە تایبەتەکان لەو شوێنانەدا و بەو بەوگانەوە هەر کاری ئەو گروپە پرۆفێشناڵە بو، تەنانەت جوڵەکانی کەساسبە بەناو داروپەردوی ئەو شوێنەدا هەر سیناریۆی ئەو گروپە بو.) (ابومصعب الاردني: چاوپێکەوتنی العربیة: د،٤١).

پاشان بە هەنگاوی ورد دێتە بەردەم ڕیزێک لە چەکداری دەمامکدار کە هێدی هێدی ترس وەک سەرەتایەک بۆ نێو هەناوی وەرگریش دەگوێزرێتەوە. لەگەڵ ئەوەی میدیاکان وایان بڵاوکردەوە کە کەساسبە ئەم ڕۆڵەی بەسەردا سەپێنراوە

-سیمای خۆشی ترس و نیگەرانی پێوەیە_ بەڵام زۆر ورد و دروست ئەو هەنگاوانە جێبەجێ دەکات کە دەرهێنەری کارەکە بۆی دەستنیشانکردوە. وێنەی (٢).
ئەوەی جێگەی سەرنجە و وەک ئەوەی ابومصعب الاردني ئاماژە بەو پرۆسەیە دەدات ((کەساسبە تا ئەو کاتەی بەنزین دەکەن پێیدا نەیدەزانی چارەنوسی ئەو سوتاندنە) (ابومصعب الاردني: چاوپێکەوتن: د. ٤٢)، بۆیە لەگەڵ ئەو هەمو نیگەرانییەی دڵ و دەرونی داگیرکردوە هێشتا لەچارەنوسی خۆی دڵنیانییە، بۆیە وەک ئەکتەرێکی گوێڕایەڵ




**وێنەی ژمارە ٢**

هەنگاوبەهەنگاو بەوردی ڕێنماییەکانی دەرهێنەرەکە جێبەجێدەکات. وێنەگرتنی ئەم کارە بەوردی جێبەجێکراوە، بەرهەمهێنەرانی هۆشیاری بەکارهێنانی گۆشەکانی وێنەگرتن و ماناکای هەر گۆشەیەک و قەبارەی گرتە لە کۆبونیادی کارەکەدا دەزانن بۆیە لەگەڵ سەختی کارەکە بەو شێوازە دێتە بەردەم بینەر. ابومصعب ئاماژە بەوەش دەکات کە (٤- ٥) کامێرا لەسەر سێت بوە بۆ وێنەگرتن و کاتێکی باشی خایاندوە تا کارەکە تەواو بوە. واتە وەک چۆن لەبەرهەمهێنانی کاری فیلمێکدا چەندین تێکی جیاواز وەردەگیرێن و چەند جار وێنەگرتن دوبارە دەکرێتەوە، لەم کارەشدا هەروابوە. کەساسبە هیچ بژاردەیەکی تری نییە جێبەجێکردنی ئەوە نەبێت کە داوای لێدەکەن. لە دیمەنەکانی دواتردا تەکنیکی کامێراو جوڵەکانی دەبینین، لە جوڵەی تێڵت ئاپ و پانۆرامادا دڵنیادەبین لەوەی ئەو کەسەی لەپشت ئەم کارەیە لە ماناکان و شێوازی بەکارهێنانی ئەو جۆرە جوڵانەدا شارەزایە و دەزانێت کەی و لەکوێدا بەکاریاندەهێنێت. تەنانەت وەرگرتنی گرتەکان و قەبارەیان زۆر بەوردی مامەڵەی لەگەڵ کراوە، کاردانەوەکانی سەر سیمای قوربانییەکە لەگەڵ ئەوەی ڕاستەقینەن، بەڵام چۆتە نێو کۆی پرۆسەی بە فیلمکردنی ڕوداوەکەوە.
جگە لە وێنەگرتن هەر کات لە ئیدیتی ئەو ڤیدیۆیە بڕوانین لەوە تێدەگەین کە جگە لەوە سیستەمی کۆکردن لەسەر بنەمای مۆنتاژی سۆڤیەتی کراوە، بەو مانایەی بەیەکەوەنانی گرتەکان هەر وا سانا نییە، بەڵکو بۆ بەرهەمهێنانی مانا گرتەی جۆراوجۆر تێکەڵاوکراون تا بینەر خۆی لە پێکەوەگرێدانەکانەوە مانای تایبەت هەڵبهێنجێت.(لە کاتی

بەیەكەوەنانی وێنەكەدا، ئەو فرۆكەوانە پیشاندەدرێت و ئەو كاری كوشتنانەی ئەویش ئەنجامیداون تێكەڵاوی وێنەكان كراون تا كەس سۆزی بۆی نەجوڵێت. ئەو خەڵكی سڤیلی سوتاندوە بۆیە خۆشی دەسوتێنرێتەوە.(ابومصعب الاردني: چاوپێكەوتن: د.٤٤). ئەم هەنگاوەش دەیسەلێمنێت كە گروپی پشتی ئەو كارانە چ سودێك لە سینەما و پێكهاتەكانی وەردەگرن و چۆن دەتوانن لەڕاژەی ئەو بیرۆكانە بەكاربیهێنن كە خۆیان دەیانەوێت. لە بنەڕەتدا ئەركی مۆنتاژ بە مانا سۆڤێتییەكەی دروستكردنی ئەو جۆرە هەڵوێستەیە لەلای بینەر، بۆیە بە ئاسان دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی كە لەپشتەوەی هەڵبژاردنەكانی تەكینیك هزرێكی سینەمایی كاردەكات كە تەواو شارەزای هێزی ئەو هونەرەیە لە بزواندنی بینەر و ئاراستەكردنی بەرەو بڕوایەكی دیاریكراو.

ڕوانین لە تەواوی ڤیدیۆكە و ئەو گرتانەی كە بەشێوەیەكی پرۆفێشناڵانە نراون بەیەكەوە و لە زۆرینەیاندا لێكدانەوەیەكی ورد و زیرەكانە بۆ كاریگەری ئەو گرتانە لەسەر بینەر كراوە زۆر سانا دەمانخاتە سەر ئەو بڕوایەی كە لەپشت ئەو كارەوە هۆشیارییەك كار دەكات لە تەواوی وردەكارییەكانی تەكنیكی سینەماو كاریگەرییە گەورەو بەهێزەكانی تێدەگات و لەڕاژەی بیری خۆی بەباشترین شێوە بەكاریاندەهێنێت.

## بەشی چوارەم:

### 1-دەرئەنجام:

لە كۆی گشتی ئەم توێژینەوەیەدا كۆمەڵێك دەرئەنجامی جۆراوجۆرمان دەست دەكەوێت كە دەكرێت بەم شێوەیە ڕیزبەندییان بكەین:

١- داعش بزافێكی لەمسەلایی و بێ بونیاد و بیركردنەوەی میدیایی نییە و لەنێویدا كاراكتەری جۆراوجۆری خاون ئەزمون و شارەزایی هەبون كە لە وردەكارییەكانی تەكنیكی سینەمایی و هێزی كاركردنیان زانیوە.

٢- هەمیشە وێنەی بەرجەستەكراوی توندوتیژی گەلێك دڵڕەقانەترە لەو وێنەیەی لە نێو خەیاڵدانی كەسەكاندا هەن، مرۆڤ بە سروشتی خۆی خۆخۆشەویستە و ناكارێت هێندە دەرونی خۆی بەو بیركردنەوە لە وێنەی خوێنینی توندوتیژ بكاتەوە.

٣- تێگەیشتن لە بەهای وێنە لە هەوكایەیەكی بەكارهاتودا، دەربازی تێگەیشتنە لەو كۆنتێكستەی وێنەی وەك ڕەگەزێكی دروستكردنی مانا تێدا بەكارهاتوە.

٤- بەكارهێنانی هۆشیاریانەی وێنە و بونی ڕایەڵەی بەهێزی گرێدانەوەی وێنە بە كۆی گشتی كۆنتێكستی بەرهەمهاتو دەستەبەری بەرهەمهێنانی مانایە لەزەینی وەرگردا.

٥- نەوەی دوهەمی خانەوادە موسوڵمانەكانی كە لەخۆرئاوا لەدایكبون یان پەروەردە بون، لەپشت بڕەودان بەو هێڵە تەكنیكییەی گروپەكانی سەلەفیزمی جیهادیین.

### 2-ڕاسپاردە:

توێژەر لە میانەی كاركردنیدا لەسەر ئەو چەمكە گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی هەندێك ڕاسپاردە بۆ كایەی توێژینەوەی ئەكادیمی پێشنیاز بكات:

1- توێژینەوەی لە بەكارهێنانە جیاوازەكانی میدیای نوێ لەلایەن گروپەكانی سەربە سەلەفیزمی جیهادیی و كاریگەریان لەسەر ئاشتی كۆمەڵایەتی پێداویستییەكی هەنوكەییە.

2- کارکردن لەسەر بەرهەمهێنانی هۆشیاری تاک لەمامەڵەکردن لەگەڵ بەرهەمهاتوە وێنەییەکانی گروپە توندڕەوەکاندا بایەخێکی گرنگی پێبدرێت.
3- دروستکردنی بەرهەمی جیاواز کە گیانی یەکترقبوڵکردن و ڕێزگرتن لە نێوان تاکە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا دروست بکات.

## سەرچاوەکان


Almeida, A. and García Fernández, B., 2016. Cave paintings, the case of Altamira as an issue to promote an interdisciplinary approach.

Barthes ،Roland (1982) *Camera Lucida: Reflections on Photography*. Richard Howard (translator). Hill and Wang, New York.

Baudrillard, Jean (1993) *Symbolic Exchange and Death*. Ian Hamilton Grant (translator) Sage Publication, London.

Echo, Umberto (1984) *Semiotics and the philosophy of language.* Indiana University Press, Bloomington, USA.

Hobbes،Thomas ( 1998)*On the Citizen*, edited by Richard Tuck and Michael Silverthorne.Cambridge: Cambridge University Press

أومون، جاک (2013) الصورة. ترجمة: ريتا الخوري. مركز دراسات الوحدة العربية. بيروت.

افاية، محمد نورالدين(2019) معرفة الصورة.المركز الثقافي للكتاب. المغرب

انجلتون،تيرى (2007) الارهاب المقدس، ترجمة: اسامة اسبر.بديات للطباعة و النشر و التوزيع. دمشق.

الزاهي، فرد (1999) الجسد و الصورة و المقدس في الاسلام. منشورات افريقيا الشرق، المغرب.

بودريار، جان (2010). روح الارهاب.ترجمة بدرالدين عرودكي. الهيئة المصرية للكتاب.القاهرة.

جيرار، رينية (2009) العنف و المقدس، ترجمة: سميرة ريشا. مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.

دوبريه. ريجس (2002) حياة الصورة و موتها.ترجمة : فريد الزاهي. افريقا الشرق.

شيمي، سعيد (2003) اتجاهات الابداع في الصورة السينمائية المصرية.المجلس الاعلى للثقافة. القاهرة

عبدالحميد، شاكر (2005) عصر الصورة: السلبيات و الإيجابيات.عالم المعرفة.الكويت.

غرلنز، نيثان & ميدافوي، مايك (2015) الاعلام الامريكي بعد العراق: حرب القوة الناعمة. ترجمة:بثينة ناصر. المركز القومي للترجمة.القاهرة.

مغنية، محمد جواد (٢٠٠٧) مذاهب و مصطلحات فلسفية. دار و مكتبة هلال، بيروت،لبنان.

العبد، محمد. الصورة والثقافة والاتصال. مجلة الفصول، مجلة النقد الادبي علمية محكمة، العدد 62 صيف و خريف 2003 ص (154-133)

حفني، حسن. عالم الاشياء ام عالم الصور، مجلة الفصول، مجلة النقد الادبي علمية محكمة، العدد 62 صيف و خريف 2003 ص(22-29)

عادل السيوي، الندوة. الفصول مجلة النقد الادبي، ندوة، ع ٦٢،الهيئة المصرية للكتاب، القاهرة 2003، ص (96-125)

فاتي، محمد. الخطاب الروائي والخطاب السينمائي: جدلية الاتصال والانفصال. صحيفة المثقف.العدد: 4175 المصادف 9/2/2018

جەمال، نەوزاد( ٢٠٢٠) سینەماو فەلسەفە، سەرەتایەک لە فەلسەفەی فیلم، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، سلێمانی.

عەلی، بەختیار (2022) دەستەسڕەکەی ئۆتێلۆ. ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند. سلێمانی.

عەلی، بەختیار (2021) سیستەم و دەسەڵات . سەرنجێک لەسەر جیاوازییەکان.بەشێک لە کتێبی لەدەستدانی ئاسمان ناوەندی ڕەهەند.سلێمانی.

التقي، سمير (2004). ثقافة العنف في المجتمع العربي. موقع معابر. منشور اب 2004.http://maaber.50megs.com/issue_august04/non_violence2.htm#_ftnref10

الصياد، محمد (2013) العنف الفردي والعنف السياسي المنظم. المنبر التقدمي مملكة البحرين. https://www.altaqadomi.org/?p=7043.

سعدالله، مكي.رهانات المثاقفة بين عنف اللغة ولغة العنف. بحث محكم منشور على موقع مؤمنون بلا حدود. تاريخ النشر 25\6\2020.

بەرنامەی (ستوديو الرعب) کەناڵی العربية، ڕۆژی بڵاوکردنەوە ١١ \١٢\ ٢٠١٧.

**پەراوێزەکان:**

1 ڕێبازێکی ئایدۆلۆجییە بنچینەی هەمو ئەو گروپ و ڕێکخراوانەیە کە لە دوای سەرهەڵدانی ڕێکخراوی القاعدە وە دروستبون، نمونەی جند الاسلام و داعش و گروپەکانی جەزائیر.

2 شەڕی ئەفغانستان بە چەند قۆناغێکی جیاوازدا تێپێڕ بوە، هەر لەسەرەتای داگیرکردنی خاکی ئەفغانستانەوە لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتی جارانەوە تا ساڵی ٢٠٠١ کە بەشەڕی پاکسازی هاوپەیمانان لە دژی تالیبان و القاعدە دەناسرێت، کەناڵی جەزیرە لە ١٩٩٦\١١\١١ دەستی بە پەخشکرد، بۆیە لە قۆناغەکانی کۆتاییدا ببوە ئەو پێگەیەی کە گروپەکانی سەلەفیزمی جیهادی پەیامەکانی خۆیان لەڕێگەیەوە ئاراستەی دنیا دەکرد.